کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-4-2007 0:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێویستە ئەنفال وەکو ژینۆساید بناسرێت و داوای لێبوردن لە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بکرێت ... پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

نۆزدە (19) ساڵ بەر لەئێستا رژێمی بەعسی سەددامی و لەماوەی حەوت مانگدا لەرێگەی ئەنجامدانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا گەورەترین تاوانی دەرهەق بەگەلەکەمان ئەنجامدا. ئەو تاوانەی کە بەعس لەکوردستاندا ئەنجامیدا درێژەپێدان بوو بەسیاسەتی توانەوەی کورد و شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستان. رژێمی گۆڕبەگۆڕ ویستی لەرێی ئەنجامدانی ئەو تاوانەوە ئیرادەی گەلی کورد بشکێنێ و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دووچاری نسکۆیی و تێکشکان بکات. دەرئەنجام توانی لەرێگەی بەکارهێنانی جۆرەها چەکی قەدەخەکراوی نێودەوڵەتییەوە، دێهاتەکانی کوردستان لەمرۆڤ و گیانلەبەران پاکبکاتەوە، لەو پرۆسەیدا بەهەزاران کوردستانی کوژران، بەسەدان هەزاریش بێ سەروشوێن و زیندەبەچاڵکران، کچانی کورد کرانە خەڵات و بەسەر وڵاتانی عەرەبیدا دابەشکران و زۆریشیان لەوڵاتە عەرەبییەکاندا فرۆشران. لەبەرامبەر ئەم تاوانەدا نەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نە جیهانی ئیسلامی دەنگیان لێوە نەهات، بگرە بەرەزامەندی و تیشکی سەوزی ئەوان ئەو ژینۆسایدە دژ بەگەلەکەمان ئەنجامدرا.

بەرلە چوار ساڵ کەرژێمی بەعس رووخێنرا، خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەهیوابوون فشار بخرێتە سەر سەرانی رژێم بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەو کارە ئەنجامنەدرا و بە لەسێدارەدانی سەددامیش زۆربەی نهێنییەکانی ئەنفالیش بۆ هەتاهەتایی ونکران، لەدادگای ئەنفالیشدا شتێکی لەو جۆرە نەکراوەتە بەرنامەوە، بگرە هیچ هەوڵێك بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان بەدی ناکرێت، بگرە هێشتا باس لەرووداو یان روونەدانی ئەو کۆمەڵکوژییە دەکرێت، کە بەرۆژی نیوەڕۆ و لەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە ئەنجامدرا، بێگومان یەکێك لەتاوانە گەورەکانی ئەمڕۆی ئێراق لەسێدارەدانی سەددام بوو پێش ئەوەی دادگای ئەنفال یەکلابکرێتەوە. ئەمەش کەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانی هەرێم و ئامادەباشی ناپێویستی ئەوان پیشاندەدات، دیارە دەسەڵاتدارانی هەرێم وەکو پێویست لەگرنگی و بایەخی دادگای ئەنفال نەگەیشتبوون بەوەی کە دادگای نێوان شۆڤێنزمی عەرەبی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە و ئەو دادگایە دەتوانێت بەشێوەیەکی فەرمی دان بەئەنفالدا بنێت وەکو ژینۆسایدکردنی گەلی کورد بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو. ئەمڕۆش بەلەبەرچاوگرتنی دوا گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی ئێراق، شیمانەی ئەوە هەیە ئەنفال وەکو ژینۆساید نەناسرێت.

کەمتەرخەمییەکی دیکە لەکەیسی ئەنفالدا، خاوەنداری نەکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێمە لەکەس و کاری ئەنفالکراوەکان کە زۆرینەیان رەخنە و گلەیی جددیان لەدەسەڵاتدارانی کوردستان هەیە، بەوەی کە رێزیان لێ ناگرن، بەئەندازەی قوربانییەکانیان حیسابیان بۆ ناکرێت، بەزۆری لەرەوشێکی نالەباردا ژیان دەگوزەرێنن و دووچاری بارودۆخێکی یەکجار ئاڵۆزبوونەتەوە و بەرپرسیارانی هەرێم دەستی هاوکاریان بۆ درێژنەکردوون و ئاوڕیان لێ نەداونەتەوە، رەخنەیەکی دیکەی ئەو خەڵکە ئەنفالکراوە ئەوەیە کە سەرۆك جاش و بەعسییەکان لەجێی ئەوەی دادگایی بکرێن، کەچی پلەوپایەی بەرزیان دراوەتێ و بگرە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان ناچار کراون بەسەریان بکەنەوە بۆ ئەوەی کارێکیان بۆ جێبەجێ بکەن. بۆیە پێویستە لەم رووەوە دەسەڵاتدارانی هەرێم داوای لێبوردن لەو خەڵکە بکەن و لەئەمرۆ بەدواوە بەشێوەیەکی جددی ئاوڕیان لێبدەنەوە و باری ژیانیان باش بکەن و قەرەبووی ئەو زۆر و زەحمەتیانەیان بۆ بکەنەوە کە لەو ماوە درێژەدا دووچاری هاتبوون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-4-2007 0:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لایەنێکی تری لاوازی دەسەڵاتی کوردی لەم دۆسیەی ئەنفالدا، ئەنجامنەدانی لێکۆڵینەوەیەکی جددی لەسەر ئەو تاوانە ترسناکە و هەوڵ نەدراوە وەکو پێویست بەرای گشتی نێودەوڵەتی بناسرێت بۆ ئەوەی وەکو ژینۆساید پێناسەبکرێت و بکەوێتە خزمەتی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کوردییەوە، وەکو ئەوەی هەندێ رێکخراوی مەدەنی بەگشتی و رێکخراوی "چاك" بەتایبەتی پێی هەستان لە هەوڵدان بۆ بەژینۆساید ناسینی ئەنفال. هەروەها دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەنفال وەکو قەدەرێك دەبینن و کەمتەرخەمی خۆیان تێیدا نابینن، وەکو بڵێی هەر دەبێ کورد ئەنفالبکرایە، ئەمڕۆش ئامادە نیین هەڵوەستەیەك بکەن و رەخنەدانێکی جددی لەم بارەییەوە بدەن و ئەو لایەنە نەرێنییەی خۆیان دەستنیشان بکەن و رەخنەدانێ بدەن. بێگومان ئەمەش زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی رێگە لەدووبارەکردنەوەی ئەو کارەساتانە دژبە گەلەکەمان بگرن و لەمڕووەوە تەدبیری پێویست وەرنەگیردراوە، لەکاتێکدا کە هەموو دوژمنانی گەلەکەمان لەبۆسەدان بۆمان، لەهەر کاتێکی تر زیاتر ئەمڕۆ جۆرەها پلان و نەخشەی جۆراوجۆریان داڕشتووە بۆ لەباربردنی دەستکەوتەکانمان و ژینۆسایدکردنەوەی گەلەکەمان.

کەس و کاری ئەنفالکراوەکان، گەلی کوردی بەشەرەف

وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، هەر لەو کاتەی کە داوای پێناسەکردنی تاوانی ئەنفال وەکو ژینۆساید و بەسزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی دەکەین. بە پێویستی دەبینین کە دەسەڵاتدارانی کوردستان داوای لێبوردن لە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بکەن و رێز لەکەس و کاری ئەنفالکراوەکان بگرن و باری ژیانیان باش بکەن و وەکو پێویست ئاوڕیان لێبدەنەوە و حیسابیان بۆ بکەن. بەهەمان شێوە بانگەوازی لەگەلەکەمان و هێزە سیاسییەکانی دەکەین کە هۆشیاربن و رێگری لە ئەنفالکردنەوەی گەلەکەمان بگرن کە دەوڵەتی تورکیا لەرێگەی ژەهرخواردکردنی بەرێز "عەبدوڵڵا ئۆجەلان"ەوە دەیەوێت ئەمڕۆ دژبە گەلەکەمان ئەنجامی بدات، بەئەرکی سەرشانمانی دەزانین داواتان لێبکەین کە ئەو رەفتارە نامرۆڤانەی دەوڵەتی تورکیا بەتوندی شەرمەزار بکەن و دەنگتان بخەنە پاڵ ئەو دەنگانەی کە داوای ئازادکردنی بەرێزیان دەکەن. هەروەها داوا لەهەموو هێزە سیاسییە کوردستانییەکان دەکەین کە قۆناخی ئەمڕۆ سازدانی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی کردوتە ناچارێك، بۆ ئەوەی بتوانین ستراتیژییەتی نەتەوەیی دیار بکەین و ئەرکەکانی ئەم قۆناخە بەباشی جێبەجێ بکەین و بۆ هەتایی هەتایی دەرفەتی دووبارەکردنەوەی ئەنفال و کۆمەڵکوژی لەکوردستاندا نەدەین.

- روو رەشی بۆ ئەنفالچییەکان.
- نا بۆ پەراوێزکردنی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان.
- بەڵێ بۆ سازدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی.
- بەڵێ بۆ ئازادکردنی رێزدار "ئۆجەلان" و

چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی
پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان
2007/4/13

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.